# The Social Democratic Party of Kurdistan

**Parti socialdemokrati Kurdistan (rojhelat)**

## وێنەیەکی زیندوو لە وڵاتێکی داگیرکراو!



وێنە: وەرگیراو لە سایتی ناوەندی هەواڵنێری سەقز

**گەلێکی داگیرکراو، دیل و کۆیلەی دەستی داگیرکارانیەتی. هەر بۆیە  ئاوا بە هەژاری بەرەو پیری مەرگ دەڕووات! وێنەکە پرسیار دەکات: من کێم؟**

ئەوە وێنەی مرۆڤێکە کە هەموو تەمەنی لە گوندەکەیدا بە شوانی و سەپانی و پاشان لە شارەکەیشیدا، تا هێزی هەبوو کرێکاری و کۆڵکێشی کرد، کاتێک پیروپکەوتە بوویت و دەستتەنگ، و لە کونجی ماڵدا کەوتی و نانهاوەری ماڵ و منداڵەت نەبوو، ئەو کاتەیە کە هەژاری و نەداری دەستی لە قۆرگەر دەنێت و تەنانەت شیرازەی بنەماڵەت لەیەک دەترازێنێت، ئەو کاتەیە کە فەقر و برسیەتی لە گۆشەی شەقامەوە دەستی کورتی بە هەناسەیەکی ساردەوە بۆلای ئەم و ئەو درێژ دەکات تاکوو لە برسان نەمرێت،.

ئەوە وێنەی مرۆڤێکی کوردە کە لە سەر خاکێکی دەوڵەمەند بە کۆیلەیتی و هەژاری چاوەڕووانی دەستی خەڵکێکە کە یارمەتیدەری بن، ئەوە وێنەی ئەو ئینسانیە کە لە حەوتووی رابوردوودا بەسەر جەستەی لاواز و برسی و پەککەوتەی ئەوەدا بۆ شەری خــەزە پارە کۆ دەکرایەوە،

ئەوە وێنەی مرۆڤێکی کوردە کە هەر وەکو هەزاران کەسی تەر وەکو خۆی لە شارەکانی تەری کوردستان چاوەرووانی دەستی " گەوەرە و پیاوانی دەولەمەند و بە ناوبانگی" شارەکەیانن. بەڵێ ئەمە تەنها نموونەیەک لە چۆنیەتی بەسەرهاتی دەیان و سەدان هەزار هەژاری کوردە.

بێبەشکردنی نەتەوەی کورد لە سەروەری خۆی رێخۆشکەری پێشێلکردنی مافەکانی لە بواری نەتەوەیی، سیاسی و ئابووریدا بووە، خۆێندن و نووسینی زمانی زەکماکی قەدەغـە کراوە، رۆیشتنی بۆ زانکۆ بە ئیجازەی داگیرکار، وێرانی رێگاوبانی هاتووچووی، ریگا بەرتەسک و رووخاوەکانی، بیٚسەروبریی قەوانینی تەرافیک و ماشێنی کۆنە، نەبوونی دەواودوکتوری باش مرۆڤی کوردی ناچار کردووە کە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی تەورێز و تاران بە حەوت سەعات و هەشت سەعات تێپەر بکات، کار و پێشەسازی لە شار و گۆندە وێرانەکەیدا نادیارە، ژێرخانێکی رووخاوی ئابووری میوانی سەرسفرەی خۆی و منداڵیەتی، بۆ

پەیداکردنی کار ئاواری شارەکانی تاران و تەورێز دەبێت، تا کاتێک هێزوتوانای هەیە کار دەکات، کاتێکیش

info@psdkurdistan.org Bankkonto (لە سوێد) : 310-7679 www.psdkurdistan.org

**ژمارەحیسابی بانک لە دەرەوەی سوێد** SE0480000832799133360504

P S D Kurdistan

# The Social Democratic Party of Kurdistan

**Parti socialdemokrati Kurdistan** (rojhelat)

پیر دەبێت، نەخۆش دەکەوێت، بە ماڵ و منداڵی نەدارەوە گۆشەی شەقام و کۆڵانەکانی شارەکەی ئامێزی بۆ دەگرێتەوە، جا ئەو کاتەیە کە وێنەگر پەیدا دەبێت و وێنەیەکی بەم شێوەی لە سەر ئەم مرۆڤانە تۆمار دەکات!

کوردستان زیندانی هەزاران ئینسانی هەژار و نەدارە کە لە ژێر سێبەری رەشی داگیرکەراندا، لە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا شەوگاری ساردی زەستان تێدا بەسەر دەبن، کوردستان زیندانی هەزاران ئینسانی ئازادیخواز، رۆژنامەنوس، پارێزدەرانی مافی مرۆفە، کە لە ژێر زەبری شەلاق و ئازاری دەرونیدا شەو و رۆژی تێدا دەکەنەوە. ئیرادە و خواستی گەلی کورد خەباتێکی بەردەوامە دژی داگیرکاری، دژی بێ‌مافی و چەوسانەوە، دژی هەژاری و هەڵاواردن.

*لە روانگەی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (رۆژهەڵات)، بێکاریی یەکێکە لە گەورەترین کێشەکانی سەردەمی مۆدێرن و پیشەسازیی. بێکاریی بە پلەی یەکەم بە مانای نەبوونی کار دێت کە ئەویش بێپارەیی یان بێمووچەیی یان بێداهاتیی دەگرێتەوە. مرۆڤی بێکار هەم ئەو داهاتەی نییە کە بتوانێت خۆی بەڕێوە بەرێت، هەم لە زۆر پێشکەوتن لە کۆمەڵگادا دوا دەکەوێت و بە زۆر دەخرێتە ئەو دیوی ئەو هاوبەشێتیەوە کە کۆمەڵگا دروستی کردووە کە مرۆڤ بە گشتیی تیایدا دەحەسێتەوە و دەژی. ئەوە بۆ ئێمەی سۆسیالدیموکرات گرینگە کە مرۆڤەکان لە کاتی بەسەربردنی ژیانیاندا هەست بە دڵنیایی بکەن، دڵیان خۆش بێت و نیگەرانی بێ نانیی و بێ ئاویی و بێ داهاتوویی نەبن کە تەنیا بیر لە مەرگ بکەنەوە و سەریان نەپەرژێت خۆشی ژیان بچێژن.*

ڕزگارکردنی کوردستان لە ژێردەستی و دامەزراندنی حوکمەتێکی دیموکراتیك لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی بەرابەریی و یەکسانی لە کۆمەڵگای کوردستاندا، لە ئامانجە پیرۆز و بەرزەکانی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (رۆژهەلات) ـە، بیری سۆسیالدیموکراسی، مێژوویەکی نووسراوە و تۆمارکراوی پر لە شانازی هەیە، کە نەوەکانی ڕابردووی مرۆڤایەتی بۆ ئێمەیان بەجێ هێشتووە، کە خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لە گۆڕەپانی دەسەلاتداریتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە جیهاندا، گەلی کورد بۆ بنەبڕکردنی هەژاری و نەداری وڵاتەکەی، پێویستە لەم ئەزموونە بە نرخە سوود وەربگرێت.

هـێرش عەلیزادە 04/02/2009

info@psdkurdistan.org Bankkonto (لە سوێد) : 310-7679 www.psdkurdistan.org

SE0480000832799133360504 ژمارەحیسابی بانك لە دەرەوەی سوێد